# پاساوە یاساییەکانی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ کوردستان

لەوەتەی جۆرێک لە پەیوەندی نێوان هەرێم ومیلەت دروست بووە لە قووڵایی مێژوو ئەوا کەرکووک کوردستانی بووە، ڕەنگە لەپێش ئەوەش و لەگەڵ ژیانەوەی نویَ لە جودی (هەروەک قورئانی پیرۆز باسی دەکا )کەرکووک وکورد لێک دانەبڕابن، ئیتر ئاساییە مێژوونووسانی کۆنی وەک زەینەفۆن،ستراپۆ.. تەنانەت هیرۆدۆتس باسی ئاگرەکەی بابە گوڕگوڕیش دەکا، لەدوای ئەوان جوگرافی ناسانی ئیسلامی وەک ئیبن خەلدوون ، ئیبن بەتووتە، یاقووت حەمەوی ،..تا دەگاتە ئۆلیا چەلەبی هەر هەمووی لابەلا باسی کەرکووک و کوردیان پێکەوە کردووە، ئیبن خەلدوون جبل الحمرینی بە (جبل الاکراد)ناو بردووە ،بەهەمان شێوەش ڕۆژهەلاتناسەکان.

کەرکووک لە ڕەهەندی یاسایی نێوان کوردو عوسمانی:

گەلیَ جار سیاسەتمەدار و نوسەر و مێژونوسانمان بەبیَ بەرپرسیارانە باس لە سەردەمی عوسمانلی و پێشووتریش دەکەن و کورد بە داگیرکراو و چەوساوە پیشان دەدەن، وادەزانن ئەگەر ڕەسەنایەتی و ریشەیەکی قوڵ بدەیتە کێشەی نەتەوەیی و مەینەتی کورد چاکە، کەچی زۆر نێگەتیڤە، بەتایبەتی لەرووی یاسایی و مەجانی دەیسەلمێنیَ کە ئەو داگیرکەرانەی ئێستا بەرپرسیار نین، هەروەک سەرۆکی فەرەنسی لە چوارچێوەی ئەو گوتارە چەوتە وتی: ئێمە زوڵمان لە کورد نەکردووە، بەڵکو مێژوو زوڵمی لێکردووە. لەراستیدا ئەو فەرمایشتە هەندەی زیان هەیە هەر تەواو نابیَ، بۆیە واچاکە وەک خۆی مێژوو باس بکەین، ئەوکاتی دەبینین باسەکە وانییە، کورد و عوسمانی ڕێکەوتنێکی یاساییان لەنێواندا بووە، هەر لە ساڵی ١٥١٤ز سوڵتان سەلیم و (٢٣) میرنشینی کورد لەژێر سەرپەرشتی (شێخ ئیدریسی بەدلیسی)ی گەورەپیاوی کورد ئەو ڕێکەوتنە مۆرکراو پێکهاتبوو لە (٥) ماددەی سەرەکی، بەهۆی مادەی (١) سیستەمی ویلایات لە هەموو دەسەڵاتی عوسمانی بەرجەستە بوو، لە ماددەی (٤) داکۆکی لە بەرگری هاوبەش (دفاع مشترک) دەکا(بڕوانە: کوردوکوردستان فی الوقائق البریتانیە. ص٧١(، واتە هەم کورد یارمەتی سەربازی عوسمانی بدا و هەم پێچەوانەش، ئەو خاڵە زۆر گرنگە لە رووی یاسایی، نابیَ سوکایەتی پی بکریَ، ئیتر ئەو ڕێکەوتنە تا سەرەتای سەدەی (١٩) بەردەوام بوو، دەسەڵاتی کوردیش سەربەخۆ بووە تا ڕادەی ئاڵاو سکە و دوعای جومعەش(بڕوانە: الملل والنحل والٲعراف ) ،لە سەدەی (١٩) بەدواوە تەیارێکی تەغریبی لەنێو عوسمانی سەری هەڵداو بەرەبەرە دەسەڵاتی پەیداکرد هەتا لە ساڵی ١٨٦٥ بە فەرمی (تورکیای نویَ- جوان تورک)یان دامەزراند، ئەوانە پابەند نەبوون بەو ڕێکەوتنەو لە دەسەڵاتی کوردی و عەرەبی و ئەلبانی و هەتا ئیمارەتی تورکمانی ئەنادۆلیشیان تێک ڕوخاند، لەدوای هەموو ئەوانەش جگە لەو جوگرافیناسانەی کە لە سەروو ناومان بردن لەدوا نەخشەی ئیداری ساڵی ١٨٩٢ نەک کەرکووک بەلکوو بە سەدان کیلۆمەتر بۆ خوارووش هەر کوردستانی بووە.

لەدوای ئەوەش:

١-بەڕەسمی بڕیاردرا کوردستان بەو سنورەی لەماددەی (٦٢ (دیاری کراوە بەپێی ماددەی (٦٣)ی سیڤەر بەیەکجاری لە عوسمانلی جیابکرێتەوە، ئەو سنورەش ڕۆژهەلاتی فوراتی دەگرتەوە تا سەرووی بەغدا، واتە لە خوار شاخی حەمرین، ئەو ڕاستیە لە بروسکەکانی حکومەتی بەریتانیاش دەردەکەوت، کە بۆ سەرکردە سەربازیەکانیان دەنارد لەو بارەیەوە، وەک بروسکەی چەرچل بۆ جەنەراڵ مود ، هەروەها بروسکەکەی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بۆ مەلیک فەیسەل،... ئیتر شارەکانی کەرکوک، سلێمانی، هەولێر، موسڵی دەگرتەوە

٢-بەڕەسمی بڕیاردرا هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە (بەناوی عێراق) بەپێی ماددەی ٩٤ و ١٣٢ی سیڤەر جیابکرێتەوە، سنورەکەش وەک لە نەخشەی سایکس-بیکۆی ١٩١٦ دیاریکراوە لە کەنداوی فارس ڕا دەست پێدەکات تا دەگاتە نزیک دیالە لەوی بەسەرەوە کوردستان بوو.

٣- دەبیَ ئاگاداربین کەرکوک لەسەر میلاکی عێراق لە عوسمانلی جیانەبوەتەوە، ،واتە بەپێی مادەی٩٤ نەبووە، بەڵکو کەرکووک لەسەر میلاکی کوردستان جیا کراوە بەپێی مادەی ٦٢بوو.

نوێنەری عوسمانی (هادی پاشا) خۆشی لەو کۆنگرەیە مۆری کردووە. دەشیَ ئەگەر میراتگری عوسمانی زیندوو بێتەوە داوای یاسایی عێراق و وڵاتانی عەرەبی دروستکراو تۆمار بکا بەبیانوی (ئیجبار)، بەڵام بۆ کوردستان هیچ پاساوێک نیە، چونکە ئەو بڕیار و مادەیەی (٦٣) تەنها لە سیڤەر نەهاتووە لەپێشتر وەک(ئەوەلیاتی قانونی) لە ڕێکەوتنی نێوان شێخ عبدالقادر شمزینی و شریف پاشا لەگەڵ هادی پاشا پێش سیڤەر دروست بووە، ڕەنگە ئەگەر بلێین کوردستان لە هەموو وڵاتانی عەرەبی (بەشی ئاسیا) یاسایی تر جیابۆوەو شایستەی دەوڵەت بوون بوو هەتا لە تورکیای ئێستاش، چونکە لە کۆتایی جەنگ ١٩١٨ دیسان (عەلی ئیحسان پاشا- نوێنەری سولتان) بە بروسکەی ڕۆژی ٣٠/تشرینی یەکەم ١٩١٨حکومەتی شێخ مەحمودی بەڕەسمی بە میراتگری عوسمانی لەناوچەکە ناساند، لە هەموو ئەوانەش کەرکووکی گرتۆتەوە بیَ تەئویلی یاسایی.

٤- تەواوی ویلایەتی موسل بە کەرکوکیشەوە هەرگیز سەر بە عێراق نەبووینە ، زیاتر لەوەش خودی عێراق ویلایەتیش نەبووە، بۆیە لەکیشەی ویلایەتی موسل لە بەردەمی لیژنەی (عصبە الامم)دەرکەوت خەلکی ناوچەی موسل تا نزیک سامرا هەر ناوی عیراقیان نەبیستبوو.

٥- بۆ زیاتر سەلماندن کەویلایەتی موسل عیراقی نیە ، هەر لەو کێشەیە نووری سەعید (٥٠٠٠٠٠لیرەی ئیستەرلینی) ئامادەکرد بۆ کرینەوەی ویلایەتی موسل هەروەک چۆن ئەمریکا ویلایەتی لەرووسیاو بەریتانیاو ئیسپانیا دەکریەوە.

٦- هەمووئامارەکان جهانی – ئیسلامی –عوسمانی ..تا ئەو ساتەش بەموتلەقی کورد زۆرینە بوونیە.

٧- هەتا دوای دروست بوونی دەولەتی عێراقیش (تەنانەت مێژوونووسە عەرەبیەکانیش کەرکووکیان بە کوردستانی تۆمار کردووە (بڕوانە عبدالرزاق الحسنی –تاریخ الوزارات العراقیە )، زیاتر لەوەش هەر باسی کێشەی کورد کرابێت هەرسیَ پاریزگای کەرکوک وسلێمانی وهەولێری لەگەل باس کراوە.

یەکەم تەقەلای دابڕینی کەرکووک کوردستان وکەرکوک هەتا کۆتایی خەلافەتی عوسمانی و جەنگی جیهانی یەکەم هەر بەبیَ دەسکاری کوردستانی بووە ، تا هەلمەتەکانی ڕۆژ ئاواو هاتنی بیری ناشیۆنالیزم و عەلمانی ئینجا دەست کرا بە دابڕین بەو شێوەیەی خوارەوە:

١- یەکەم تەقەلا لە لایەن بەریتانیاو فرنساو روسیا کرا لە ڕێکەوتنی سایکس –بیکۆ ١٩١٦کاتیَ کەرکووک لەکوردستان جیا کراوەو خرایە سەر بەشیAی بەریتانی (بڕوانە نەخشەی سایکس بیکۆ.

٢- دووبارە هەر بەریتانییەکان لە کێشەی ویلایەتی موسل لە ساڵی ١٩٢٥تەزویرێکی زۆریان کرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە عەرەب لەکەرکووک زۆرینەیە بۆ بردنەوە لە تورکیا.

٣- ئەوەبناغەی تەعریب بوو، بەرەبەرە بەخشکەیی تەعریب هەبووە تا ئینقلابی ١٤ی تەمووز ودوایش ١٧ی تەمووز بەپێی فەرمانی ڕەسمی تەعریب دەستی پێکردووە تا ئەو ساتەش تەقەلای دابڕینی کەرکووک بە فراوانی لەسەر ئاستی ئیقلیمی وعەرەبی بەردەوامە.

بۆیە ئەو هەنگاوەی ئەنجوومەنی کەرکووک دانایانەو لە جێی خۆی بووە






**مەسعود عەبدولخالق**

# چارەنووسی ئاشتی لەدوای ئۆلمێرت



**ئیهۆد ئۆلمێرت** سەرۆک وەزیران ی ئیسرائیل ڕاگەیاندووە کە دوای ئەوەی حزبی کەدیما لە مانگی ئەیلول سەرۆکێکی دیکە هەڵدەبژێریَ، ئەو دەست دەکێشێتەوەو پۆستەکەی جێدەهێڵیَ.

لەراگەیاندراوێکی چاوەڕوان نەکراودا، ئۆلمێرت ئاشکرای کرد کە لە ئەو خۆی بۆ سەرۆکی حزبی کەدیما هەڵنابژێرێتەوە و بەشداریش لە کێبەرکیَ دا ناکات.

ناوبراو جەختی کردۆتەوە، کاتێک سەرۆکی تازە هەڵدەبژێردریَ، ئەو پۆستەکەی جێدەهێڵیَ و بەکردەوە شوێنەکەی بۆ چۆل دەکات.

هەرچەندە کە ئۆلمێرت جەخت لەسەر دانوستاندنەکانی لەگەڵ سوریاو فەلەستینەکان دەکاتەوە، بەلاَم سەرکردەکانی ئیسرائیل پێیانوایە مادام بەرەو وازهێنان دەچیَ، ئەو توانایەی نیە کە درێژە بە دانوستاندنەکان بدات، بەوهۆیەشەوە داهاتووی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و چارەنووسی دانوستاندنەکان بە نادیاری دەمێنێتەوە.

گەندەڵی بەدوای ئۆلمێرتەوەیەو کورسیەکەی پیَ چۆل دەکات، بەوهۆیەشەوە نازاندریَ کە ئایا حزبی کەدیما دەتوانیَ درێژە بە دەستەلاَت بدات، یان ئیسرائیل ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی پێشوەخت دەبێتەوە، لەوانەیە حزبی لیکۆد بە ڕێبەرایەتی ناتانیاهۆ جڵەوەکەی لەدەست دەربهێنیَ، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنیَ.

لەلایەن خۆشیەوە، بنیامین ناتانیاهۆ بە ڕادیۆی ئیسرائیلی ڕاگەیاندووە کە ئەو دڵنیایە کە حزبەکەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ پێویست بەدەست دێنیَ و بەسەر کەدیمادا سەردەکەویَ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە چارەنووسی دانوستاندن و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا لەنێو تەمومژدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە لەوانەیە ناتانیاهۆ هێندە مەیلی لە دانوستاندن لەگەڵ سوریا و فەلەستینەکاندا نەبیَ، بەلاَم چاودێران پێیانوایە کە هێشتا دەرفەت لەدەست ئۆلمێرت دا ماوە تا تەکانێکی خێرا بە دانوستاندن لەگەڵ مەحمود عەباس بدات و ڕێگەی ئاشتی لەگەڵ سوریاش هەڵبگرێتەوە، چونکە کۆشکی سپی ئەمریکا ڕاشکاوانە پشتیوانی لە هەردوو پرۆسەکەدا دەکات، هەم دەخوازیَ کە کێشەی فەلەستین یەکلایی ببێتەوە، هەمیش دەخوازیَ کە ئاشتی نێوان سوریا و ئیسرائیل بەرقەرار بیَ و دیمەشق لە تاران دوور بکەوێتەوە.

سەربارى ئەمانەشەوە چاودێران پێیانوایە کە بەوازهێنانی ئۆلمێرت، لەوانەیە حزبی کار کە ڕوانینێکی چەپگەرایی هەیە، بێتەوە پێشەوەو بتوانیَ لە داهاتوودا حکومەت پێکبهێنیَ، ئەگەر ئەوەش بێتە دیَ، ئیهود باراک سەرکردەی پارتی کار زۆر بە ئاسانی هەنگاوەکانی دانوستاندن لەگەڵ فەلەستینەکان و ئاشتی لەگەڵ سوریا درێژە پێدەدات و ڕاشکاوانە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەدات، بەلاَم تا ئێستا ئەو داهاتووە پێشبینی جۆراوجۆری بۆ دەکریَ.

**خالد تەها**

# ڕێبەری قاعیدەی عێراق لەوانەیە بەرەو ئەفگانستان ڕۆیشتبیَ

ڕۆژنامەی واشنتگن پۆست لە ژمارەی ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ٣١-٧-٢٠٠٨ نووسیویەتی کە لەوانەیە ڕێبەری ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی عێراق بەرەو ئەفگانستان ڕۆیشتبیَ.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی عێراقی، ڕێبەری ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی عێراق بە هاوڕێی ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسەکان بەرەو وڵاتی ئەفگانستان ڕۆیشتووە، ئەمەش بە نیشانەی لاوازی ئەلقاعیدە لەعێراق و باشبوونی ڕەوشی ئاسایشیَ عێراق دادەنریَ.

واشنگتن پۆست دەنووسیَ کە سەرچاوەکانی ئەمریکا دەلێن کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە جەنگاوەرە نویَکانی خۆی بەرەو وڵاتی ئەفگانستان و پاکستان ڕەوانە دەکات، چونکە لەو دوو وڵاتە ڕەوشیان باشە و هەست بە ئاسوودەیی دەکەن.

بەگوێرەی ڕۆژنامەکە، سەرتیپ برایان کۆلەر ئەفسەری زانیاری لە سیافی دیڤید پاتریۆس پێیوایە کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق دوای شکستەکانی خۆی کۆکردۆتەوەو هەوڵی بەهێزبوونەوەی دەدات، بەلاَم هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست دانیە کە ئەوان جەنگاوەرانی خۆیان بەرەو ئەفگانستان و پاکستان ڕەوانە بکەن، هەروەها هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو لەبەردەست دانیە کە ڕۆیشطی ڕێبەری ئەلقاعیدەی عێراق بۆ ئەفگانستان سەر ڕاست بکاتەوە، ئەمەش دلەڕاوکیَ و نیگەرانی بەردەوام دەهێڵێتەوە.

ڕۆژنامەی واشنگتن پۆست لە زاری لێکۆڵەرێکی زانیاری ئەمریکیەوە دەنووسیَ کە لەماوەی مانگی ڕابردوودا ئەو کەسانەی کە بۆ پەیوەندی کردن بە گروپە چەکدارەکانی عێراقیەوە لە دەرەوە هاتبوون، بۆ بیست کەس کەم بۆتەوە، لە کاتێکدا لە پێشووتر پەنجا کەس هاتبوونە ناو عێراقەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان ستراتیژی خۆیان دەگۆڕن.

واشنگتن پۆست بەگوێرەی ئەو دیدارەی کە پەیامنێری تایبەت لەگەڵ عەبدوللا ئەنساری یەکێک لە ڕابەرانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە فەلوجە ئەنجامی داوە، دەنووسیَ کە ئەبو ئەیوبی میسری لە ڕێگەی ئێرانەوە بەرەو ئەفگانستان ڕۆیشتووە و یەکێکی دیکەی بەناوی ئەبو خەلیلی سوری کە ساڵی ٢٠٠٣ هاتۆتە ناو عێراقەوە ڕاسپاردووە تا کارەکان ڕابپەڕێنیَ، بەلاَم نازاندریَ کە ئەبو ئەیوبی میسری بۆ عێراق گەڕاوەتەوە یان نا؟!

واشنگتن پۆست درێژەی دەداتیَ و دەنووسیَ کە بەگوێرەی دیدارەکەی لەگەڵ ڕابەرەکی فەلوجە، ئەبو ئەیوبی میسری زۆر جاری دیکە بۆ سەردانی ڕێبەرانی قاعیدە چۆتە ئەفگانستان و گەڕاوەتەوە، بەلاَم نازاندریَ ئەم جارەیان دەگەڕێتەوە یان نا؟!

واشنگتن پۆست جەخت دەکاتەوە کە لە بڵاوکراوەکانی دواییدا کە بەسەر ئەندامانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق دابەشکراوە، ئیمزای ئەلسوری لەسەرە، لەوانەیە لەداهاتوودا ناوبراو جێگەی ئەبو ئەیوبی میسری بگرێتەوە، لەکاتێکدا کە ئەگەر خۆی نەگەڕێتەوە.

بەگوێرەی ڕۆژنامەکە ئەلسوری یەکێکە لەو سی و سیَ کەسەی کە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەبو مەسعەب ئەلزەرقاوی هاتۆتە ناو عێراقەوە، لەنێو سەرکردەکانی ئەلقاعیدەدا ناسراوە.

ڕۆژنامەکە پێیوایە بەهۆی ئەو توندوتیژیەی کە چەکدارەکانی ئەلقاعیدە لەبەرانبەر خەڵکی سڤیل ئەنجامیان داوە، لاگیریان لەنێو سوننەکان دا لەکورتی داوە، ئەمەش وایکردووە کە هەندێک لێیان جیاببنەوەو گروپی دیکە دروست بکەن، ئەمەش بەرە و شکستی بردوون و هەوڵی خۆ دەربازکردن دەدەن.

**وەرگێڕانی: ئاڤان کەریم**

**سەرچاوە: واشنتگن پۆست**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com